# چلۆن بوو بە گابۆڕ؟

## « شی کردنەوەی ڕۆمانی گابۆڕ بە خوێندنەوەی تیۆری گێڕانەوەناسی ڕۆلان بارت[1]»



سامان ئەمجەدی[2]
ماستەری فەلسەفەی هونەر_ زانکۆی بووعەلی سینای هەمەدان

www.kurdishbookhouse.com

### ❖ پوختە

لە سەرەکیترین لایەنگەلی جیاوازی ئەدەبیاتی مۆدێرن لەگەڵ نەریتی ڕۆماننووسینی پێشوو، تاقی کردنەوەی ئەزموونگەلی نوێ لە شێوەی گێڕانەوەدایە و لە ئەم ڕوانگەوە بە ململانێ لەگەڵ خوێنەر، لە ئەو(وەکوو بەردەنگی دەق) وردبینی و چالاکییەکی زۆر ڕەچاو دەکرێت. ڕۆلان بارت بە سەرنجدانەوە بەم تایبەتمەندییە نێوی "دەقی نووسینەوەیی" دەنێتە سەر ئەم چەشنە گێڕانەوە لە بەرانبەر "دەقی خوێندنەوەیی". مەبەستی ئەو تاقمە دەقانەیە کە هەر ڕوانگە و ورییەکی نوێ وەگەڕ دەخەن بۆ نووسین و پەیڤین. خوێندنەوەیان سانا

---

[1] . ئەم وتارە نزیک بە دوو ساڵ و چەند مانگی پێش ئێستا بە فارسی بۆ کۆنفرانسێک لەسەر گێڕانەوە لە زانکۆی کوردستان پێک هاتبوو کە با ئەوە کە بۆ بەشی پۆستێر دیاری کرابوو بە چەن هۆیە لەوێ پێشکەش نەکرا و دواتر بە مەبەستی بڵاو کردنەوە لە گۆڤار یان سایتێکی کوردی کرا بە کوردی. ئەم ڕەوتی بە کوردی کردنەوەشی بە هۆی سەرقاڵی ماوەیەکی زۆری خایاند و لەم ماوەدا وتارەکانی د.ئەحمەدزادە و کاک ڕەزاعەلیپوور لەسەر گابۆڕ بڵاو بوونەوە، بەڵام بە هۆی جیاوازی زۆرەوە لەگەڵ ئەمەی بەردەستان لە بڵاو کردنەوەی پاشگەز نەبووم، هەر چەند هەر هێشتا بە تەواوی کوردیەکەی ئامادە نەبوو کە هەواڵی بڵاو بوونەوەی کتێبی سێبەری زیندووی نووسینم پێ گەیشت و نەکرا بیگەینم بەو کتێبە و دواتر کە کتێبەکە لە چاپ درا بە هۆی ئەوە کە ڕەنگە وتارێک یان چەند وتاری ئەو کتێبە، هەستی بڵاوکردنەوی لەسەر شانم لابدا دەستم ڕاگرت. بەڵام کە دیتم جیاوازی وتارەکەی من لەگەڵ ئەوانی دیکە زۆرە، بە کوردی کردنەوەکەم درێژە پێ دا. هەرچەند لە چەند وتاری ئەو کتێبە چێژی زۆرم بینی و زۆر بەنرخ بوون بەڵام بە هۆی جیاوازی زۆرەوە دەستم لە وتارەکەی خۆم تێوە نەدا و هەر بەو چەشنە کە فارسیەکەیم نووسیبوو کردم بە کوردی.

[2] . [2] . Email: ciziri89@gmail.com
Tell: 09189814173

نیە، شرۆڤە و ڕاڤەیان دەوێ. لەگەڵ سیستەمگەلێک کە هەن ڕکابەری دەکەن. ڕۆمانی گابۆڕ بەرهەمی **سەیدقادرهیدایەتی** کە بە لێشاویەتی و ئاڵوگۆڕ لە گێڕانەوەی هەر بگێڕەوێک، وەکوو ئەزموونێکی نوێی و دەسپێکێک لە گێڕاندنەوەدایە کە دەکرێ بە دڵنیاییەوە، بە دەقێکی نووسینەوەیی ناوزەدی بکەین. ئەم وتارە هەوڵێکە بۆ توێژینەوەی ڕۆمانی گابۆڕ بە خوێندنەوەی تیۆری بارت کە بە تایبەت لە کتێبی **ئیس/زێدا** ورووژاندوویەتی.

## ❖ پێشەکی

ڕۆلان بارت[3] باسێکی هەیە لەسەر ڕۆمان، بەو جۆرە کە بە دوو چەشن ناویان لێ دەنێ: دەقی نووسینەوەیی[4] و دەقی خوێندنەوەیی[5]. دەقی نووسینەوەیی بەڕای ئەو دەقێکە کە "دەتوانێ ئەمڕۆ بنووسرێت (بنووسرێتەوە)" (Barthes, 1974, 4). یانی دەقێک کە "خوێنەر، نە وەکوو بەکارهێنەر[6]، کە وەکوو بەرهەمهێنەری دەق لێ بکا" (ibid, 4). یانی ئەو چەشنە دەقانە کە بە خوێنەر دەرفەتی ئەوە ئەدەن کە واتایەکی کەسەکی بۆ خۆ بخولقێنێت، وەکوو نقیسارێکی پاتەوە بوو. بەڕای بارت زۆربەی دەقە مۆدێرنەکان لەم چەشنەن. جۆرە دەقگەلێک لەبەرامبەردا هەن کە بە هیچ جۆرێک ڕێ بە خوێنەر بۆ سازکردنی واتای خۆە نادەن و تەنیا بۆ خوێندنەوە سازراون. خوێنەر لە حاندی ئەم دەقانە "بە جێگەی ئەوە کە خۆی لەم کایە بەشدار بێ، و بە تەواوی لە جادووی داڵەکان قازانج ببا و لە چێژی نقیسار لێوانلێو بێ، هەر تەنیا ئازادییەکی چووکە لە دەق وەردەگرێ یان وەر ناگرێ: خوێندنەوە لێرەدا ئیدی شتێک نیە بێجگە لە **گشتپرسی**"[7] (ibid, 4).
لێرەدا بارت دەڵێ "ئێمە تەواو دەقە خوێندنەوەییەکان بە دەقی کلاسیک ناولێدەبەین"(ibid, 4).

[3] . Roland Barthes
[4] . Scriptible / Writerly
[5] . Lisible / Readerly
[6]. consumer
[7] . referendum.

www.kurdishbookhouse.com

دەقی خوێندنەوەیی بە گشتی ئافراندنی زەینی بەردەنگ بە هێند ناگرێ و بۆی گرینگ نیە، بەڵام لە دەقی نووسینەوەیی‌دا، بەردەنگ لە کاتی خوێندنەوەدا دەیخوڵقێنێتەوە و دیسان دەینووسێتەوە. کە وایە دەقی نووسینەوەیی لە کوێدا دەبیندرێتەوە؟ بارت دەڵێ بە دڵنیاییەوە لە خوێندنەوەدا پەیدا نابێ، چونکە "دەقی نووسینەوەیی شت[8] نیە و ئاستەم لە کتێبخانەدا دەبینرێتەوە" (ibid, 5). بارت لە دوا سنوورەکانی وەها دەقێک دەڕوانێ کە دەڵێ لە هیچ کوێ دەست ناکەوێ و دەقێکی ئارمانییە؛ "ئەو دەقە پەتی-یە[9]، بە واتای دەقێکی تەواو نووسینەوەیی، خولیایەکی یۆتۆپیاییە"(Barthes, 1977, 76-7). هەر ئەو لە کتێبی **چێژی دەقدا**[10] دەڵێ "تەنانەت دەقێکی لە ناخەوە ئاڤانگاردیش پێویستی بە "سێبەری خۆیەوە" هەیە: ئەم سێبەرە نەختێک ئایدۆلۆژی، نەختێک پیشاندانەوە[11] و نەختێک سووژەیە"(Barthes, 1975, 32). یانی دابەزین و پاشەکش کردنی دەق بۆ/ بەرەو دەقی خوێندنەوەیی؛ کە واتە بارت هێڵێک گریمان دەکا کە لە دەقگەلی خوێندنەوەیی (کلاسیک) تێدەپەڕێ و دەکێشرێت، تاکوو دەگاتە دەقگەلی نووسینەوەیی (مۆدێرن).

جیاوازی ئەم دوو چەشنە دەقە بە نرخاندنێکی[12] تایبەت دەردەکەوێ کە لە جیاواز کردن و سنوور دانانێکی ئاسایی تێدەپەڕێت و وردبینانەتر و شیاوترە؛ بارت دەڵێ ئەم چەشنە نرخاندنە، **ڕاڤە**[13] کردنە، ڕاڤە کردنێکی **نیچەیی**[14]. لە ڕاڤە کردنی دەقێکدا ئێمە واتای پێ نابەخشین، بەڵکوو "بەراورد کردنی ئەندازەی فرەییەکە[15] کە دەق لێی بەهرەمەندە"(Barthes, 1974, 5). بارت دەڵێ لەم دەقەدا تەواوی تۆڕەکان[16] زۆر و کاریگەرن بەسەر یەکدا و "بە بێ ئەوە هیچکامیان وەپێش کەون"(ibid 5). لە دەقی نووسینەوەییدا یەک واتا و یەک خەرمانەی مانایی نابینین کە بە دەوری دەقدا کێشرابێتەوە. دەق کراوەیە و چوونەوە نێو دەقیش هەروەها بە یەک دەروازە نابەسرێتەوە. ئەوەیە کە

---

8 . thing

9 . pure/ ناب

10 . The Pleasure of the Text

11 . representation

12 . evaluation

13 . وەرگێڕی ئینگلیزی، interpretationی داناوە کە شرۆڤەشی لە بەرامبەر بۆ دانراوە. بەڵام بە هۆی ئەوە کە بارت مەبەستی چەمکێکی نیچەییە، ڕاڤەم بە درووستتر زانی.

14 . Friedrich Nietzsche

15 . plural

16 . networks

www.kurdishbookhouse.com

بارت دەڵێ ئەم چەشنە دەقە، دەقێکی ئارمانییە و بە دڵنیاییەوە دەقگەلی مۆدێرن زۆر بەو ئارمانەوە نزیکن.

دەقی نووسینەوەیی کاکێشانێکە[17] لە دالەکان[18] و نە پێکهاتەیەک لێوانلێو لە مەدلوول[19]. "ئەم دەقە هیچ سەرەتایەکی نیە. ... ئەکرێت لە دەلاقەگەلی جیاوازەوە بچینەوە ژوورەوە، بە بێ ئەوە هیچکام لەوانە سەرەکی بن" (ibid, 5). دەقێکی وەها لە بواری واتا و کۆدبەندیشەوە بەرفراوانە و لە یەکەمین جاری خوێندنەوەشدا یەک ڕاڨە بە دەستەوە نادات. بارت وەکوو هەر ڕەخنەگرێکی سەدە بیستەم بە هیچ شتێک بەدەر لە دەق باوەڕی نیە و ژبۆ لێکۆڵینەوە لەسەر دەق دەڵێ "هاوکات شتێک بەدەر لە دەق هەبوونی نیە، هیچ کاتیش تەواوی دەقێک نابیندرێت [ئەوەیە کە] ئەوەی کە پێویستە رزگار کردنی دەق لە دەرەوە و تەواوێتی[20] خۆیەتی" (ibid, 5). دەبێ ئاماژە بەوە بکرێت کە مەبەستی بارت لە وەها دەقێک، ئەوەیە کە هیچ پێکهاتەیەکی گێرانەوە، ڕێزمان و لۆجیکێکی نەبێ. بارت وەها دەقێک دەکاتە چرای ڕێگە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر دەقگەلێک کە نزیک یا دوورن بەو ئارمانجەوە.

بارت سەبارەت بە خوێندنەوەی[21] دەق دەڵێ کاتێک کە دەڵێین "**من دەق ئەخوێنمەوە**" دەبێ دوور بین لەو ڕوانگە کە خوێندنەوەی دەق و ئامادەبوونی واتا هەمیشەیی و تاقانە دەزانێت. لە خوێندنەوەدا نە من سووژەیەکی بێتاوانم[22] و نە دەقیش ئۆبژەیەکی روون و ئاشکرا و کراوەیە. "ئەم منە کە دەیەوێ بە دەق نزیک بێتەوە، بۆ خۆی فراوانییەکە لە دەقگەلی دیکە و ڕەمزگەلێک[23] کە بێسنوورن[24]، یان بە وردییەکی زۆرترەوە، ون بوو(بنەڕەتەکانی ونن)" (ibid, 10). ئەوەیە کە ناکرێ من ئەوەی دەمەوێ سواری دەق بکەم و بە سەریدا بیسەپێنم، چونکە ئەمە ڕێک سووبژکتیویتەیەکە کە بارت دژیەتی. بارت

---

[17] . galaxy/ galaxiej
[18] . signifiers
[19] . signifieds
[20] . totality
[21] . reading
[22] . innocent
[23] . codes
[24] . infinite

www.kurdishbookhouse.com

خوێندنەوە بە تەواوکەری نووسینەوە دەزانێ، "خوێندنەوە چەشنێکە لە کار... چونکە من، نووسەری خوێندنەوەی خۆمم.

ئەرکی من بزواندن و گواستنی سیستەتمگەلێکە کە بەرجەوەندیان[25] نە بە دەقەوە ڕادەوەستێ و نە بە منەوە"(ibid, 10). لە خوێندنەوەدا واتای دەق نە بە هۆی من یا ئەویدی کە بە ناوبژیوانی نیشانەگەلی[26] سیستەماتیکیانە کە ئاشکرا دێنە بەر چاو. "خوێندنەوە، لەڕاستیدا کردەوەیەکی زمانییە. خوێندنەوە، یانی دۆزینەوەی واتا، و دۆزینەوەی واتا، ناولێنانەوەیە؛ بەڵام ئەم واتا ناولێنراوانە بۆ خۆیانیش بەرەو لایەنی دیکەی ناوەکان دەکشێنەوە. ... من ناو لێدەنم، من ناو لێنانێم[27] و دیسان ناولێدەنێم. وەهایە کە دەق دەرباز[28] دەبێت" (ibid, 11).

کراوە بوونی دەق ئاماژەیە بۆ چەمکی **نێوانەدەقیەت**[29]، بارت دەڵێ "هەر دەقێکی تاک، تەواوی دەقە ئەدەبییەکان لە خۆ دەگرێت، ئەویش نە بە ئەوە کە پیشاندەریانە، بەڵکوو بەو هۆکارە کە ئەدەبیات بۆ خۆی هیچکات شتێک بێجگە لە دەقێکی تاک نیە" و "دەقێکی تاک دەلاقەی تۆڕێکە[30] بە هەزاران دەلاقەوە"(ibid, 12). دەقەکان لە ئەم چەمکەدا ئاماژە بە یەکدی دەکەن و لێوانلێون لە یەکترین. هەندێک لەم ئاماژانە دیاری دەکرێن بەڵام زۆربەیان نادیارن و گەڕان بە دوایاندا کارێکی بێهوودەیە و بێ دەرەنجامە.

بارت دەڵێ کار لەسەر دەق تا ڕادەی شی کردنەوەی وردترین بەشەکان، یانی شیکردنەوەی پێکهاتەیی[31] گێڕانەوە. ئەم چەشنە شی کردنەوە یانی پێداچوونێکی **هەنگاو بە هەنگاو**[32] لەسەر دەق. ئەم کارە "شتێک نیە بێجگە لە هەڵوەشاندنەوەی (بە واتا سینماییەکەی) کاری خوێندنەوە: جووڵانێکی خاو[33]، کە نە بە تەواوی وێنەیە و نە بە تەواوی شیکردنەوە"(ibid,

25 . perspective
26 . mark
27 . I unname
28 . passes
29 . intertextuality
30 . network
31 . the structural analysis
32 . step-by-step
33 . slow motion



www.kurdishbookhouse.com

13). شرۆڤەی هەنگاو بە هەنگاو دەلاقەکانی دەق دیسان پێک دێنێتەوە و "ڕێگە بە زیاد کردنی پێکهاتەکانی دەق نادا: **ئەمە بە ئەستێرە کردنی دەقە**، بە جێگەی هەڵبەستنەوەی دەق"[34](ibid, 13). مەبەستی بارت ئەوەیە کە دەق بە **ڕستەگەلی چکۆلە** دەبێ دابەش بکرێت. ئەم دابەش کردنەش دڵخوازانەیە و هیچ ئەرکێکی ڕەوشتناسانەش قەبووڵ ناکات.

کاتێک کە دەقێک شی بکەینەوە لەگەڵ پێنج کۆد[35] یان دەنگ[36] ڕووبەڕو ئەبینەوە کە پێک-هێنەری تۆڕێک، تۆپۆسێکە[37] کە لە لابەلایدا دەق گوزەر دەکا و "بە گوزەری ئەوانە، دەق پێک دێ"(ibid, 20). بە بێ ڕیزبەندی لە سەرەتاوە بە **کۆدی**[38] **هێرمێنۆتیکییەوە**[39] (شفرەی ڕاڤە) دەست پێ دەکەین. ئەوەی کە بە ئەم کۆدە واتابەخشە پێرستبەندی جیاوازییەکانە. "لێرەدا زاراوەگەلێک[40] کە وەکوو مامک[41] پێک دێن، پیشنیار دەکرێن، فۆرمووڵە دەبن، لەکار دەخرێن[42] و لە کۆتاییدا دەردەخرێن"[43](ibid, 19). بارت ئەم کۆدە بە دەنگی ڕاستی (حەقیقەت)[44] ناو لێ دەبا. لێرەدا کاری ڕاڤە کردن ئاماژە بۆ کارا بوونی خوێنەر و بەشداربوونی لە دووبارە نووسینەوەی دەقە. لە هەر دەقێکدا مەتەڵ و مامکگەلێک هەیە کە هەندێکی سەرەکی و هەندێکی ناسەرەکین[45]. "ئەم کۆدە رووی لەو بەش و توخمانەی دەق، وەکوو مەتەڵ و پرسیارەکانە کە زۆر لە خوێنەر بۆ ڕاڤە کردنی ڕووداوە گێردراوەکان دەکەن"(آلن، ١٣٨٩، ١٢٤).

www.kurdishbookhouse.com

---

34 . it stars the text, instead of assembling it.
35 . code
36 . voice
37 . topos
38 . شفرە، ڕەمز
39 . hermeneutic code
40 terms
41 . enigma/نهێنی، مەتەڵ
42 . suspense/ سرِ دەکرێن
43 . disclosed
44 . the Voice of Truth
45 . فەرعی

**کۆدی واتایی**[46] کە مەبەست واتاگەلی وێڕاییە[47] و بە تەواوی ئەو دەلالەتە وێڕاییانەوە پێوەندی هەیە کە تایبەتمەندی کەسایەتییەکان و کردارەکان پیشان دەدا. ئەمە شێوەیەکە کە بەردەنگ، واتاکان لەسەر بناغەی سیستەمێک لە هێما و نیشانەکان وە چنگ دێنێ. بارت بەم کۆدە دەڵێ **دەنگی کەس**[48].

**کۆدی هێمایین**[49] کە دەکرێ وەهای شرۆڤە بکەین کە دەق چلۆن لە چوارچێوەی ململانێی دوانەکان پێک دێ. دوانەگەلێک کە جار هەیە دژ بە یەکن و جار هەیە دژ نین بەڵام ململانەیەک لە نێوانیاندا هەیە و دەکرێ بەرانبەری یەک دایان بنین. بۆ وێنە بوون و نەبوون دژ بەیەکن بەڵام ژن و پیاو وەها نین، بەڵام لە نێوان هەر دووکی ئەم دوانەگەلەدا ململانەیەک بە دی دەکرێت. بارت **دەنگی هێمای**[50] لەم کۆدە ناو ناوە.

**کۆدی پرۆئایرێتیک**[51] یان **کرداری** کە هەڵدەگەڕێتەوە بۆ کردارەکان و کاریگەرییەکانیان. ئەم کۆدگەلە "لە سێکانسگەلێکی[52] تەکووزدارەوە پێک هاتوون و پێرستبەندی کراون"(Barthes, 1974, 19). ئەمە وەکوو چەمکێکی سینماییە و واتا بەخشە. گەڕان، کوشتن، ژوان، هەموو ئەمانە کردارگەلێکن کە لە پەیتایی ساز بوون و بارت بە **دەنگی ئەزموون**[53] ناوی لێ دەبا.

**کۆدی چاندی**[54] دواهەمین کۆدێکە کە بارت دابینی دەکا بۆ خوێندنەوەی دەق. بارت دەڵێ ئەم کۆدانە "ئاماژەگەلێکن لە حیکمەت و هزر؛ و بە ناسینەوەیان خۆمان بە چەشنێک لە زانست سنووردار دەکەینەوە(فیزیا، فیزیۆلۆژی، پزیشکی، ئەدەبی و مێژوویی و هتد)

---

46 . Semantic

47 ، ضمنی

48 . the Voice of the Person

49 . Symbolic

50 . the Voice of Symbol

51 . Proairetic

52 . sequences

53 . the Voice of Empirics

54 . Cultural



www.kurdishbookhouse.com

زانستێک کە وتراوە، بە بێ ئەویکە تا بنیات نیان- یان سازانەوەی- چاند بەرەو پێش بڕوات"(ibid, 20). ئەم کۆدە کۆتایی لە لایەن بارتەوە بە **دەنگی زانست**[55] ناوزەد کراوە.

بارت بۆ خۆ دەڵێ کە ئەم چەشنە خوێندنەوە بۆ هەر کەس جیاوازی تایبەتی خۆی هەیە و ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دەق، نووسینەوەی دووبارەی دەقە بۆ خوێنەر. ئێستا منیش وەکوو خوێنەر ڕووبەڕوو بوونەوە و ململانێی خۆم لەگەڵ ڕۆمانی **گابۆڕی سەید قادر هیدایەتی** باس دەکەم.

**گابۆڕ.** ناوی ئەم ڕۆمانە لەسەرەتا سێ کۆد لە خۆ دەگرێ، یانی کۆدی ڕاڤە، کۆدی هێمایین و کۆدی واتایی؛ گابۆڕ چیە و بە چ مانایەکە؟ مەتەڵی یەکەم هەر لە ئەم سەرەتاوە خراوەتە بەردەممان و دواتر لە دووتوێیی یەکێک لە دوو چیرۆکی ئەم ڕۆمانە، ئەم مەتەڵمان بۆ دەکرێتەوە کە ئاماژەیە بە بۆڕاندن و لووراندنی مانگا و گا و گوێلکەکان لە کاتی سەربڕینی هاوچەشنەکانیان لە کوشتارگا کە کەریم بگێڕەویەتی. بەڵام هەر ئەم نێوە مەتەڵێکی دووهەمیش ساز دەکا کە پێوەندی بە بەشی سەرەکی ڕۆمانەکەوە چیە؟ گابۆڕ هێمایە و بەم چەشنە لەگەڵ بەشی یەکەمی ڕۆماندا پێوەندی پێکدێنێ (کۆدی هێمایین). مانگاکان کە دەست دەکەن بە گابۆڕ، لە ترسان و ڕق و تووڕە بوون لەهەمبەر کوشتنە. لە دیتنی خوێن و سەلاخی هاوچەشنێکە و پەی بردن بە ئاکامێکی هاوشێوە بۆ خوە. هەر وەها گابۆڕ، کە لە دوو وشەی **گا** کۆ لەگەڵ **بۆڕ** پێکهاتووە، کردارێکی تایبەت بە مانگایانە، بەڵام وێڕای ئەوەش هەم لە ڕۆمانەکەدا هەم لە چاندی زارەکی خەڵکیدا بۆ مرۆڤیش بەکار دێ کە بە توانجەوە دەردەبڕێ. لێرەدا و وێڕای ئەم نێوە، ئێمە کۆدی واتاییمان بۆ دەردەخرێ کە هەم ڕاستەوخۆ ئاماژە بە بۆڕاندنی مانگا و گوێلکەکان دەکا و هەم بە وێڕاییش ئاماژەیە بۆ دەربڕینی کردارێکی مرۆڤ. مرۆڤێک کە لە حاند زوڵم و چەوسانەوە و کوشتن دەنگی هەڵهێناوە.

**تەنیا شتێکمان کەم بوو.** زۆر ڕوون و ئاشکرا ئەم ڕۆمانە بە ڕستەیەکی ساکار دەستی پێ کردووە کە ئاماژەیە بۆ زۆر شت. لێرەدا دەڵێ یەک تەنیا یەک شتمان کەم بوو و دواتر دەڵێ چیە. بەڵام کەم بوونی ئەم مەدلووڵە، دەلالەتە بە ئاگادار بوون بە کەم بوونی زۆر شتی دیکە کە ڕۆمانەکە ئاماژە بە هەندێکیان دەکا. لێرە کەم بوون هێمایە و لە بەرانبەری زۆر بوون

55 . the Voice of Science



www.kurdishbookhouse.com

ڕاوەستاوە؛ دوانەی کەمی و زۆری (دەنگی هێماییین). هەر وەها کەم بوون چەشنێک ئەزموونە (کۆدی کرداری/ دەنگی ئەزموون).

**ئەویش تۆپ بوو.** ئەم دووهەمین ڕستەی ڕۆمان وەڵامی یەکەمین ڕستە و دووهەمین مەتەڵی ڕۆمانەکەیە. ئەوەی کە کەم بوو، **تۆپ** بوو. لێرەدا کۆدێک زەق ئەبێتەوە و هاوکات وەڵامیش دەدرێتەوە. بگێڕەوە بە ئەگەرییەکی زۆر منداڵە، چونکە هەستەکەی و دونیاکەی زۆر چکۆلەیە. کەم بوونی تۆپ تەنیا بۆ منداڵێک دەتوانێ کێشەیەکی گەورە بێ. (کۆدی واتایی/ دەنگی کەس). بەڵام تۆپ چیە؟ بۆچی بگێڕەوی ئەم ڕستانە تۆپی نیە؟ مەبەست لە تۆپ هەر تۆپێکی ساکارە یان هێمایە بۆ شتێکی دیکە؟ (کۆدی ڕاڤە). ئەم تۆپە لە ڕەوتی گێڕانەوەکەدا ئەبێتە کێشەیەکی گەورە و ڕوون کەرەوەی هەندێ زانیاری بۆ ئێمە و بۆ کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکەن. لەسەرەتا تۆپە، کە کەمە، دواتر کە بە هۆی تۆپ لەگەڵ دەسەڵاتی داگیرکەری پازگا ڕووبەڕوو ئەبنەوە و تۆپەکەیان لێ زەوت ئەکەن، ئەبینن کە زۆر شتی دیکەیان کەمە. ئازادی، کەرامەت و ماف و هتد کە بە هۆی تۆپەوە پەی بە نەبوونیان دەبەن.(کۆدی هێماییین و کۆدی واتایی). بێجگە لەمانە تۆپ بۆ خۆ ئاماژەیە بۆ چاندێکی تایبەت. هەرچەند لە ئەم سەرەتاییەوە لێمان ڕوون نیە کە تۆپی کامە کایە، مەبەستی بگێڕەوەیە، بەڵام بە هەر شێوەیەک بێ، تۆپ، ئاماژەیە بۆ چاندێکی تایبە بە خوە. تۆپێن تایبەت بە کۆمەڵگایەکە کە لەگەڵ ئەم چەشنە یاریانە ڕاهاتووە و بە شێوەیەک ئاماژەیە بۆ شارستانییەت. (کۆدی چاندی).

**بۆ تیمێکی باش هەموو شتێکیان بوو؛ لە مەیدانی چاک و کاپیتانەوە بگرە هەتا دەروازەبان و یاریزان، تۆپ نەبێ.** ئاڵوگۆڕ لە بگێڕەوە لە یەکەم کەسی تاکەوە بۆ سێهەم کەسی تاک. کێشەی گێڕانەوە و زەق بوونی یەک پرسیار: بگێڕەوە کێیە؟ ئەم بگێڕەوە وەکوو ئەوەی کە لە نەرتیتی گێڕانەوە بەڵێن دراوە، بگێڕەوی گشتی و زانای تەواوە. هەرچەند لە گابۆڕدا ئەم خووگرییە هەڵدەوەشێتەوە و زانای گشتی، بوونی دەچێتە ژێر گومانەوە. تیم، کاپیتان و مەیدان هەموو ئاماژەگەلێکن بۆ چاندێکی شارستانی، کە بە یاساکانی یاری بە تۆپ ڕاهاتووە (کۆدی چاندی). بەڵام لێرەدا جەخت کردن بەسەر تۆپ و نەبوونی، با ئەوە کە واتایەکی دیاری هەیە کە هەر نەبوونی تۆپە، گۆمانی واتایەکی وێراییمان بۆ زەق ناکاتەوە؟ کاتێک کە هەموو شتێک ئامادەیە مەبەست لە تیم، مەیدان، کاپیتان و تۆپ چیە؟(کۆدی واتایی). پرسیارێکی جیاواز لەم لایەنی هێماییینە، ئەوەیە کە داخۆ ئەمانە کە هەموو ئەم شتانەیان هەیە، ئەگەر بە خاوەنی تۆپیش بن، تووشی کێشە و کەمایەسی دیکە نابن؟(کۆدی ڕاڤە).

www.kurdishbookhouse.com

دواتر دەبینین ڕەوتەکە بەو جۆرە نیە کە بگێڕەوەکانی ئەم ڕستەگەلە باوەڕیان پێیە و بە هەبوونی تۆپیشەوە کێشەیان بۆ ساز دەبێ و پێکەوە نایانکرێت. لێرەدا دەڵێ کاپیتانیان هەیە، بەڵام لە کاتی پێکهێنانی تۆپ، بگێڕەو وەبیری نەماوە کە وتبووی کاپیتانیان هەیە یان بە بێ ئەوە ئاماژە بە کاپیتاندار بوونی پێشوویان بکا، ئەبینین کە لەسەر ئەوە کە کێ ببێتە کاپیتان و تەنانەت لەسەر ئەوە کە تۆپەکە کێ بیباتەوە بۆ ماڵەوە شەڕیان لێ ساز دەبێ. هەر ئەم کێشە تۆوی کێشەگەلی گەورەتری لە دڵدا هەیە. دواتر ئەبینین کە هۆکاری لەدەست دانەوە تۆپ و هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی تیم و تەنانەت هەڵوەشاندنەوەی هاوڕێیەتی ئەم هەڤاڵانە لەگەڵ یەک هەر لەم کێشەدایە. بەم هۆکارەوەیە کە هێمایین بوونی ئەم ڕستە و ڕستەکانی پاشەوە، پێوەندارییەتیان بە دۆخی کوردەوە زۆر زەق دەکاتەوە.

**بە دەیان جار هەر پێنج شەش کەسەکەیان پووڵی جیرەی ڕۆژانەی خۆیان کۆ کردبۆوە تاکوو بتوانن بە هەموویان تۆپێکی جیر بکڕن.** وێڕای ئەوە کە درێژەی ڕستەکانی پێشوون و دۆخی هێمایین بۆ ئەم ڕستەیەش هەر لە ئارادایە، واتایەکی وێڕایی لە دڵی ئەم ڕستەدایە کە ئاماژەیە بۆ لەخۆبوردوویی و گیان فیدایی (ئیسار) لە پێناو ئامانجێکدا. ئەم منداڵەنە (کە تا ئێرە لە لەحن(دەروا)ی گێڕانەوەکە دەرکەوتووە کە بە دڵنیاییەوە منداڵن)، ئامادەن کە لە جیرەی ڕۆژانەی خۆ چاوپۆشی بکەن و ڕایگرن بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی گەورەتر، کە چێژێکی گەورەتری تێدا دەبینن.

**هەر جارەی شتێک دەبووە ڕێگر و بۆمان نەدەکرا.** گەڕانەوەی سیلە نیگا بۆ یەکەم کەسی تاک. ئاماژە بە درێژەدارییەتی ئەم کەمایەسی و کێشەیە، هەر وەها ئاماژە و دان پێدانانێکی ناخۆئاگا بە بەربەست و لەمپەرەکانی نەگەیشتن بە تۆپ و سازبوونی تیم وەکوو ئامانج.

**جاری وابوو یەکدوویەک پەشیمان دەبوونەوە. جاری وابوو پووڵەکەیان نەیدەگەیاندێ، جاری وا بوو لەسەر ئەوە کێ ببێ بە کاپیتان قڕە ساز دەبو.** دیسان ئاڵوگۆڕ لە بگێڕەوە و سیلە نیگا لە یەکەم کەسی تاکەوە بۆ سێهەم کەسی تاک. پرسیارێک هەر لێرەوە سەر هەڵ ئەدا و تاکوو کۆتایی ڕۆمانەکە وەڵامێکی وەهای بۆ نیە ئەوەیە کە بگێڕەوی ڕاستەقینەی ئەم ڕۆمانە کێیە و هەر وەها هۆکاری ئەم جێگۆڕکێیە لە سیلە نیگادا چیە؟ (کۆدی ڕاڤە). لە ئەم ڕستە و ڕستەکانی پاشدا ئەم بگێڕەوە بە پێچەوانەی بگێڕەوی پێشوو قامک دەنێتە سەر هۆکاری ڕاستەقینەی ئەم کەمایەسیە و نەبوونی تۆپ تەنیا کێشەی ئەوان نیە و بۆ وێنە



www.kurdishbookhouse.com

پاشگەز بوونەوە و پێکۆ نەکرانیان لەسەر گەورەی تیم، هەندێ لەو لەمپەرانەیە(کۆدی واتایی). ئەم ڕستانە زۆر لایەنێکی هێماییینیان هەیە یان دەکرێ وەهایان لە قەڵەم بدەیت.

**هیچ گەڕەکێک حازر نەبوو مسابەقەیان لەگەڵدا بدا؛ چونکە تۆپ بەرچاوترین نیشانەی تیم بوو.** هەبوونی تیم بە بێ تۆپ، لەلایەن هیچ تیمێکی دیکەوە کە خاوەنی تۆپە فەرمی نیە و تیم ناکاتە تیم. بەڵام وێرای ئەم مانا بەرچاوە، مانایەکی دیکەش بەدی دەکرێت. بۆ گەیشتن بە تۆپ و پاراستنی ئەو دەسکەوتە، یەک شتی گرینگ پێویستە، ئەویش یەکبوونە. ملدان بە ڕیساکانی ئەم یەکیەتیەیە. گەر بتەوێ تیمت هەبێ دەبێ تۆپت هەبێ، تۆپیشت هەبێ ئەگەر یەک ڕیز نەبی، تیمت لێ هەڵدەوەشێتەوە(کۆدی هێمایین و کۆدی واتایی).

**کوتم باشە کەریم تۆ پووڵ کۆ ناکەیەوە؟**
**کوتم بەڕێوەڵا، چۆن کۆی ناکەمەوە!**
**کوتم ڕۆژی چەندت دەدەنێ؟...** لە سێهەمین لاپەڕەی پاش دەسپێکردنی ڕۆمانەکە، گرینگترین تایبەتمەندی ئەم ڕۆمانە دەردەکەوێ. تا ئێرە سیلە نیگا لە نێوان یەکەم کەسی تاک، واتا **متەللیب** و سێهەم کەسی تاک، واتا زانای گشتی، دەگۆڕدرا. هەر لێرەوە لە پاژی یەکەم، سیلە نیگا دەبێتە یەکەم کەسی تاک، بەڵام یەکەم کەسی تەواو کەسایەتییەکانی ڕۆمان. جار و باریش زانای گشتی دێتەوە نێو باسەکە و هاوتەریب چیرۆکێکی دیکەش دەگێڕدرێتەوە کە کەریم بگێڕەویەتی.

## گێڕانەوە[56]

سەرەکیترین جیاوازی ڕۆمان لەگەڵ چیرۆک و تەنانەت یەکێک لە گرینگترین جیاوازیەکانی ڕۆمانەکان پێکەوە، ئەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی لە **گێڕانەوە**. ڕۆمان لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی تا ئەمڕۆ چەشنی زۆری بە خۆ بینیوە و لێرەدا گابۆڕ تێدەکۆشێ چەشنێکی دیکە و جیاواز لە گێڕانەوەمان پیشان بدات. ئەم ڕۆمانە دوو چیرۆک لە خۆ دەگرێ کە پێکەوە تاکوو کۆتایی هاوتەریب درێژەیان پێ دەدرێت. چیرۆکی یەکەم گێڕانەوەی بەسەرهاتی دوومێرمنداڵ بە ناوی **کەریم** و **عەبدولموتەللیبە** و بگێڕەوەکانی تەواوی کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکە و تەنانەت بەدەر لەوانن (کە ڕوون نیە کێن). ئەوی دیکەیان چیرۆکێکی سەیرە کە لە زاری کەریمەوە

56 . Narraition



www.kurdishbookhouse.com

دەگێڕدرێتەوە و ناوبەناو لە نێوان گێڕانەوەی یەکەمدا دەردەکەوێ. گرینگترین تایبەتمەندی ئەم ڕۆمانە لە سەرەتا گێڕانەوەکەیەتی و ئینجا ناوەڕۆکەکەی. ئەگەر ئەم گێڕانەوە لە گابۆڕ بستێنینەوە ئیدی لەگەڵ ڕۆمانگەلی دیکە جیاوازییەکی ئەوتۆی نامێنێ و وەکوو ڕۆمانێکی ریالیستی ساکار دێتە ئەژمار.

ئەم ڕۆمانە لە دە پاژ پێکهاتووە کە پاژەکانی یەک، پێنج، حەوت و دە بە کاری **کوتم**، پاژەکانی دوو و چوار بە **کوتت**، پاژەکانی سێ، شەش و نۆ بە **کوتی** پێکهاتوون و لە ئاکامدا پاژی هەشت بە تەنیا بە **دەیکوت** دەگێڕدرێتەوە. هەرچەند لە بەشێکی پاژی نۆ، بێجگە لە **کوتی** لە **کوتبوویش** کەلکی وەر گرتووە. زانای گشتی بێجگە لە چەند پاژ، ئەویش لە چەند ڕستە، ئامادەبوونێکی ڕاستەوخۆی نیە و نووسەر زۆری کۆشاوە کە لە ئەم بگێڕەوە کەمترین هاریکاری وەر بگرێ. بێجگە لە پاژی هەشت و نۆ نەبێ، تەواو ئامادەبووەکانی بگێڕەوی گشتی لەو پاژگەلەدا بە کار هاتووە کە بە ئاوەڵناوی **کوتم** دەستیان پێ کردووە. بەڵام ڕۆمان بێجگە لە ئەو پاژگەلە کە بە **کوتم** گێڕدراوەتەوە، خوێنەر تووشی کێشەی گێرانەوە دەکا و روون نیە بگێڕەو و بەردەنگ کێیە، کە دواتر ئاماژە بە چۆن و چلۆنی ئەم باسە دەکەین.

هەر وەها کە بینیمان ڕۆمانەکە لەسەرەتاوە بە گێڕانەوەی عەبدول موتەللیبەوە دەست پێ دەکا و لە نێوان گێڕانەوی ئەودا، دەنگی کەسێکی نادیار کە وەکوو بگێڕەوی گشتییە ئەبیسین. پاش ئەمە لە لاپەڕەی سێهەمدا گێڕانەوە دەکەوێتە دەستی کەسایەتییەکانی ڕۆمان و بە بیچمی **کوتم** بۆ هەر کەسایەتییەک درێژەی پێ دەدرێت بەڵام جار و بار بگێڕەوی گشتی بە ڕستەیەک خۆ دەردەخا و دیسان بە کوتم کوتمی کەسایەتیەکان درێژەی پێ دەدرێت. متەللیب، کەریم، دوو کچی ڕێبوار، ئازاد و هتد. ئاماژەی پێ کرا، ڕۆمان زۆری تێکۆشاوە کە دەست بە داوێنی بگێرەوی گشتی نەبێ و ئەرکی گێڕانەوە بخاتە سەر شانی کەسایەتییەکان. ئەم پاژە و تەواو ئەو پاژانە کە بە **کوتم** گێڕانەوەکەیان بیچمی گرتوە، هەر چەند نەختێک لەسەرەتادا ئەستەمە، بەڵام بە گشتی ڕوونە کە بگێڕەوی هەر ڕستە و دێڕێک کێیە و بگێرەوی گشتیش کە جارنەجارێک دێتە ناو باس، هەر وەها دیارە و خوێنەر تووشی گرفتێکی وەها نابێ.

www.kurdishbookhouse.com

نووسەر لە ئەزموونی ڕۆمانی نوێ بە تایبەت کارەکانی **جۆیس، وۆلف**[57] و هەر وەها **فاکنێر** کەلکی زۆری وەرگرتووە و تێکۆشاوە کە لەو ئەزموونەش تێپەڕ بێت و چەشنێک لە گێڕانەوەی بە کار هێناوە کە هەم نوێیە و هەم کۆن. نوێ بوونی ئەم شێوە گێڕانەوە لەوەدایە کە لە ڕۆمان وەها ڕەوتێک بە کار نەهێنراوە و کۆن بوونی ئەم شێوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەدەبی کۆنی فارس[58] کە دەڵێی دەقاودەق چاوی لەو نەریتە بڕیوە و بە سەر گشت ڕۆمانەکەدا بڵاوی کردوتەوە. ڕەوتێک کە بە هۆی ئەوە کە ڕستە بە ڕستە بگێڕەو دەگۆڕدرێ فۆرمێکی خێرای داوەتە ڕۆمانەکە. لە ئەم پاژانەدا بگێڕەوەکان بە هۆی ئاشنا بوونی بەردەنگ بە شێوەی گێڕانەوەی ڕۆمانی مۆدێرن ڕەنگە تووشی کێشەیەکی ئەوتۆ لە خوێندنەوەدا نەبن. لێرەدا وەها گریمان دەکرێ کە گوایە بگێڕەوەکان ڕووی دەمیان کردوە لە بەردەنگ و خەریکی گێڕانەوەی چیرۆکەکە بۆ ئەون، بەردەنگێک کە خوێنەرە.

بە پێچەوانەی پاژی یەکەم و ئەو پاژگەلە کە بە کوتم دەگێڕدرێتەوە، لە پاژەکانی دیکەدا بگێڕەو و نە دۆخی گێرانەوە، تووشی لێڵی دەبێ و ئەوەی کە بگێڕەوی ئەم بەشانە کێیە نادیارە[59]. لە پاژگەلی کوتمدا کەسایەتییەکان و گێرەوی گشتی بگێڕەوی ڕۆمانن، بەڵام کاتێک کار دەبێتە دووەم کەسی تاک، واتا کوتت و سێهەم کەسی تاک (کوتی) گێرەوی ڕۆمان و ناسینیەوەیان بۆ بەردەنگ تووشی قەیران ئەبێ. بۆ وێنە لە پاژی دووەمدا کە بە کوتت دەگێڕدرێتەوە، بگێڕەوەکەی کێیە؟ پاژەکە وەها وێنا کراوە کە دەڵێی لە ژوورێک ئێمە و کەسایەتییەکان پێکەوە دانیشتووین و وەهامان پیشان دەدا کە کەسێک ڕووی لە کەسایەتیەکانی رۆمان کردووە و بە دانە دانەیان (لەو بەشانەدا کە بە کوتت وێناکراوە) ئەڵێ کە تۆ کوتت و دەس بە جێ بەویتریش دەڵێ تۆش کوتت و هاوکات ئێمەش وەکوو بەردەنگ لەو دۆخەدا بەشدار کراوین. لەم پاژگەلە بە هیچ شێوەیەک بگێڕەوی گشتی دیاری نیە و باش تێبفکرین, نابێ ئامادەییشی ببێ و هاتنیشی پاژەکە تووشی گرفتێکی لۆژیکی دەکا. لێرە

---

[57]. James Joyce and Virginia Woolf

[58] . بۆ وێنە چاو لە وتارەکانی شەمس دەکەین:
کوتی: نوێژیان کرد؟
کوتی: ئەری!
کوتی: ئاە!
کوتی: نوێژی هەموو تەمەنمت دەدەمێ، ئەو ٔئاە"م دەیە!

[59] . بگێڕەوی ئەم ڕۆمانە زۆرتر لەو ٢٧ کەسەیە کە خاتوو **لەیلا ساڵەحی** لە وتارەکەیدا لە کتێبی **سێبەری زیندووی نووسین** (ل ١٣٥) ئاماژەی پێ دەکا.

ئەوە کە ئەو کەسە کێیە کە ڕۆمانەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە ڕوون نیە، دەکرێت بگێڕەوی گشتی بێ بەڵام دەکرێ واش نەبێ.(کۆدی ڕاڤە)

لەو پاژگەلە کە بە کوتی پێکهاتووە بگێڕەو هەر بە تەواوی تەم دای دەگرێ و ئیدی ناتوانی بۆ ئەوەش بچی کە ڕەنگە بگێڕەو، هەر هەمان بگێڕەوی گشتی بێت و نووسەر دڵنیامان دەکا ئەویش نیە. بۆ وێنە ئەم چەند ڕستە ئەگەر چاو لێبکەین ئەو خاڵەمان بۆ دەردەکەوێ: "**کوتی** وردە وردە نێوانم لەگەڵ نەنەعەجەم زۆر خۆش بوو. **کوتی** زۆر جار مانگاکەی بۆ دەبردە دەرێ و زۆر جار تۆکڵە شووتی و ئەگەر ببوایە گەڵا گەرمەشانی لەملاولا کۆ دەکردەوە و دەیخستە... **کوتی** ئەوەندەی بمتوانیبایە ئێواران دەچووم ورکەنان و توێکڵە شووتیم بە دەمی مانگاکەوە دەکرد... **کوتی** ئەبدولمتەللیب جان دەستت بە خێروبەرەکەتە."(هیدایەتی، ١٣٩٤، ٤٨-٤٧). لە ئەم چوار کوتییە، دوانی عەبدول متەللیبە(یەک و سێ)، ئەوەی ئاخریان **نەنەعەجەمە** و سێهەمینەکەیان کە تێدا کات و لەحن و بۆچوونی گێڕانەوەکە دەگۆڕدری،دەنگی بگێڕەوی گشتیە، کە گوایە هەر سێیان بۆ کەسێکی دیکە کوتوویانە و ئەویش ئێستا بۆ ئێمە دەیگێڕێتەوە. ئەوە کە ئەم کەسە کێیە هیچ دیار نیە، تەنیا ئەوەمان لەلا بۆ ئاشکرایە کە ئەم بگێڕەوە هەرچەن زۆر شت دەزانێ، بۆ خۆی لەوێ نەبووە و هەر چێکیشمان بۆ ئەگێڕێتەوە بەسراوە بە زاری کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکە و هەر وەها بگێڕەوی گشتیەوە.

پاژی **نۆی** ڕۆمانەکە کە بە کوتی دەست پێدەکا جیاوازییەکی لەگەڵ پاژەکانی هاوچەشنەوە هەیە(مەبەست ئەوانەیە کە بە کوتی پێکهاوون). یەکەم ئەوەیە کە بگێڕەوی گشتی هەر لەسەرەتای ئەم پاژەدا ئامادەیە و لەسەر بابەتێک دەدوێ و پاش کۆتایی پێ هاتنی قسەکانی ئەو کوتی کوتیەکان دەست پێدەکا و هەر لە هەمان لاپەڕەدا پاش چەند کوتی، یەکێک لە کوتییەکان هەڵدەگەڕێتەوە بۆ بگێڕەوی گشتی و لەواقیعدا کەسێکی دیکەیە کە ڕۆمانەکەمان بۆ درێژە پێدەدا(هەمان،١٥٣). دووهەم لە بەشێکیدا کارەکە دەبێتە **کوتبووی** و لە بەشێکی دیکەدا گێڕانەوە بیچمی **کوتبووت** دەگرێتەوە خۆ. ئەم پاژە زۆر جیاوازە لە بەشەکانی دیکە و هەم بگێڕەو نادیارە و هەم دۆخی گێڕانەوە تووشی کێشە دەکا. لەسەرەتادا ئەوە کە بگێڕەوی گشتی دەدوێ و دواتر کەسێکی دیکە هەیە کە قسە و بۆچوونەکانی ئەم دەگێڕێتەوە، دۆخی گێڕانەوە پێچراوپێچ دەکات و ئەو پرسە زەقتر دەکاتەوە کە بگێڕەوی ئەم بەشانە کێیە؟(کۆدی ڕاڤە) دواتر گێڕانەوە کە بیچمی کوتبووی دەگرێتە خۆ، دۆخەکە تووشی

www.kurdishbookhouse.com

دژواری و حەتا **دژوازی**[60] دەکا. ئەم کوتبوویانە هەڵدەگەڕێتەوە بۆ کەسایەتی **ئاغای سەرچەشمە** بەڕێوبەری قوتابخانەکەی کەریم و مەتەللیب. هۆکاری ئەوە کە بەم شێوازە چیرۆکەکە دەگێڕدرێتەوە ڕەنگە ئەوە بێ کە جیاوازی و ئەوپەڕی بوونی ئەو کەسایەتییە لەو ساتەوەختەدا زەقتر بکاتەوە، چونکە وەکوو **نوێنەری دەسەڵات** لەوێ قسە دەکا و دەخورێتە سەر قوتابییەکان (کۆدی واتایی). بەڵام دژوازی ئەم دۆخە لێرەدا دیاری دەکا کە کاتێک لە نێو پاژی کوتیدا هێنراوە و ئاغای سەرچەشمە بۆ خۆی وەک بگێڕەوی بەشێک لەو کوتی کوتیانە، چلۆن دەکرێ گۆڕان بەسەر کاتی کاری گێڕانەوەکەیدا لە یەک کات و ساتدا هاتبێ و لە کوتیەوە تێپەڕێتە سەر کوتبووی؟! بگێڕەوی ئەم پاژە یەک کەسە و لە زاری کەسایەتییەکان و تەنانەت بگێڕەوی گشتی بۆمان دەیگێڕێتەوە و هیچ ئاماژەیەک لە ڕۆمانەکەدا نابیندرێ کە پیشان بدا بگێڕەو یان کات ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە. هەر وەها بۆ ئەو بەشەی دیکە کە دەگەڕێتەوە بۆ کاتی بڵاو کردنی نامەکان لەلایەن کەریم و مەتەللیب کە بە بێ هۆکارێکی باش لە **کوتی**یەوە شیفت دەدرێینە سەر **کوتبووی**. لەوەی ئاغای سەرچەشمە ڕەنگە بە هێمایین بوون بکرێ پاساوێکی بۆ بیبینەوە بەڵام لێرەدا بە هیچ شێوەیەک پاساو نادرێت. پێچراوەتر لەمانە لە لاپەڕەی ١٦٤دا دیاری دەکا کە کار لە **کوتی-یەوە** بە **کوتبووت** دەگۆڕدرێت. ئەم گۆڕانکارییە لە بگێڕەوێکی نادیارەوە بۆ بگێڕەوگەلێکی دیار(واتا کەسایەتی کەریم و مەتەللیب) هەر چەند هێمایینە بەڵام لە تەنها یەک پاژدا و بە پێچەوانەی ڕەوتی تەواو ڕۆمانەکە لە پاژەکانی پاش و پێش ئەم پاژەدا سەرلێ شێوێنەرە. پاش ئەمانە و هەر بەمانەشەوە کێشەکە هیچ هەر لە جێگەی خۆیدایە بەڵکوو زۆر زەقتر خۆ دەنوێنێ کە بگێڕەوی ئەم پاژانە کێن؟(کۆدی ڕاڤە)

تاکە پاژی جیاواز لە بواری کاری گێڕانەوە، پاژی هەشتەمە کە بە **دەیکووت** گێڕانەوە دەباتە پێشەوە. لێرەدا تەنیا لە یەک جێگادا بگێڕەوی گشتی بە جیاوازی دەردەکەوێ و وەکوو کوتراوەکانی دیکەی ئەم پاژە، بە دەیکووتەوە دەستی پی نەکردووە(هەمان، ١٣٨)، ئەویش بە پێی ڕواڵەت، دەکرێ و دەتوانین دەیکووتێک بخەینە پێشیەوە. لێرەدا بگێڕەو تا ڕادەیەکی زۆر ڕوونە و دەکرێ بە تەواوی بگێڕەو هەر بگێڕەوی گشتی بێت کە لە زاری کەسایەتییەکان و خۆی چیرۆکەکەمان بۆ باس دەکا.

---

60 . paradox

لە ئاکامی باس لەسەر گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانەدا دەبێ بە یەک خاڵی گرینگ ئاماژە بکەین کە زۆر زەق دێتە بەرچاو و هەر لە یەکەمین ڕستەکانی دەسپێکردنی ڕۆمان (بەم شێوە) تا کۆتایی خۆ دەنوێنێ، ئەوەش **دەسکرد بوونی** زۆربەی ئەو کوتم، کوتت، کوتیانەیە. لێرەدا ئەکرێ دوو خوێندنەوەی لێ بکرێت: یەکەم ئەوەی کە ئەم دەسکرد بوونە بخەینە پێی لاوازیەتی نووسەر لەم کارەیدا. یان ئەوەی کە ئەم دەسکرد بوونە بخەینە پای ئەوە کە ئەنقەستە و مەبەستێکی لە پشتدایە(کۆدی ڕاڤە) کە بە دڵنیاییەوە بە هۆی خامەی بە هێزی نووسەر، هۆکاری یەکەم هەر بۆ باس کردنیش نابێ، بەڵام بە هیچ شێوەیەک نکۆڵی لە ئەو دەسکرد بوونە زەقەی ڕۆمان ناتوانین بکەین. دۆخی گێڕانەوەکە وەهایە کە تۆ دەڵێی لەسەرەتادا نووسراوە و پاش نووسینی ڕستە و بەندەکان، ئەو کارانەی[61] پێ زیاد کراوە. بۆ سەلماندنی ئەم وتەیە چەند دێڕ لە ڕۆمانەکە دەخەینە پێش چاو و کاری سەرەتاکەی دەگۆڕێن بزانین وەهایە کە دەڵێین یان نا:

١)

- کوتم باشە کەریم تۆ پووڵ کۆ ناکەیتەوە؟(هەمان، ٩).
- کوتت باشە کەریم تۆ پووڵ کۆ ناکەیتەوە؟
- کوتی کەریم باشە تۆ پووڵ کۆ ناکەیتەوە؟
- دەیکوت کەریم باشە تۆ پووڵ کۆ ناکەیتەوە؟

٢)

- کوتت تۆپمان لێبوو بە زەهرەمار و بەسەر دەستمان ماوە(هەمان، ٣٦).
- کوتم تۆپمان لێبوو بە زەهرەمار و بەسەر دەستمان ماوە.
- کوتی تۆپمان لێبوو بە زەهرەمار و بەسەر دەستمان ماوە.
- دەیکوت تۆپمان لێبوو بە زەهرەمار و بەسەر دەستمان ماوە.

---

61. کار/ فێعل

www.kurdishbookhouse.com

٣)

- دەیکووت پێموابێ بۆیە بە مامۆستا هەژاری دەکوت مەلا و بە مامۆستا هێمنی دەکوت کوڕی شێخەلیسلام هەتا لە حاندی خۆیان بیانهێنێتە خوارێ و چکۆلەیان بکاتەوە(هەمان، ١٤٦).
- کوتم پێموابێ بۆیە بە مامۆستا هەژاری دەکوت مەلا و بە مامۆستا هێمنی دەکوت کوڕی شێخەلیسلام هەتا لە حاندی خۆیان بیانهێنێتە خوارێ و چکۆلەیان بکاتەوە.
- کوتی پێموابێ بۆیە بە مامۆستا هەژاری دەکوت مەلا و بە مامۆستا هێمنی دەکوت کوڕی شێخەلیسلام هەتا لە حاندی خۆیان بیانهێنێتە خوارێ و چکۆلەیان بکاتەوە.
- کوتت پێموابێ بۆیە بە مامۆستا هەژاری دەکوت مەلا و بە مامۆستا هێمنی دەکوت کوڕی شێخەلیسلام هەتا لە حاندی خۆیان بیانهێنێتە خوارێ و چکۆلەیان بکاتەوە.

بێجگە لە ئەم جێگۆڕکێیە، بە سانایی ئەکرێ هەر بە تەواوی ئەو هەموو کوتم کوتیە لابەرین و وەکوو هەندێ ڕۆمانی پێشوو، لە پێش هەر وتەیەک یەک هێڵی چکۆلە (-) دا بنێین، گێڕانەوەش بە بێ کێشەیەکی ئەوتۆ هەر بەردەوام دەمێنێ. لاپەڕەکانی سەرەتای گابۆڕ بە بێ ئەو هێڵە بەم شێوەیە و بە بێ **کوتم کوتم** دەست پێ دەکا. بەڵام بۆ ئەوە کە بۆچی ئەم هەموو کوتم کوتیانە دانراوە و هەر پاژێک بە دانێکیان پێکهاتووە، بە دڵنیاییەوە مەبەستێکی لە پشتە[62]. لێرەدا ئەم کوتم کوتیانە دەچنە ژێر کۆدی هێرمنۆتیکی (ڕاڤەی) بارتەوە.

دانیانی ئەو کوتم کوتیانە، بۆ هەر کەسایەتییەکی ڕۆمانەکە و بە جیاوازیەکی دیار (و تا ڕادەیەکی زۆر دەسکرد) کە ڕەنگە بە ئەنقەست بێ، وەکوو دەمامکێک خۆ دەنوێنن کە دەبێ لە ڕواڵەتیان تێپەڕین و بچینە نزیکی مەبەستی پشتی ئەو هەموو کوتم کوتیانەوە. لە کاتێک کە بە کوتم گێڕانەوە دەبردرێتە پێشەوە تۆ دەڵێی ئێمە سیلە نیگای هەموو ئەو کەسایەتییانەمان بژاردووە کە دەدوێین و بۆ خۆمان دەورگێڕی ئەم شانۆیەین کە بەڕێوە دەچێ و لە هەمان کاتتدا بە هۆی دەسکرد بوونی ئەو کوتم کوتمانە ئەم یەکبوونە لەکار

---

62. سەبارەت بەم بە کار هێنانی کوتم کوتی، کوتتەکانی ئەم ڕۆمانە، لە کتێبی سێبەری زیندووی نووسین، **سیاوەش کەریمزادە** لە وتارەکەیدا باسێکی هەیە کە جێگای سەرنجە.

دەخرێ و سڕ دەبێتەوە و دەمامکمان لێ دادەخا و بە خۆ دێینەوە و لە چیرۆک بوونی ئەم گێڕانەوە ئاگادار دەبینەوە.

لە پاژەکانی دیکە کە بە کوتن و کوتی و دەیکوت و هتد دەگێردرێتەوە، ڕەوتی گێڕانەوە هەر بەم شێوە -کە دەسکردە- تووشی کێشە دەبێت. هەر دەبێ لە خۆت بپرسی ئەمە کێیە کە گێڕەوەی ئەم بەشەیە، کێیە کە لە ڕۆماندا ئامادەیی نیە و لە هەموو شت ئاگادارە و چیرۆکەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە، نووسەر. نووسەر لەم بەشانەدا بە زەقی خۆ دەنوێنێ و خالق بوونی خۆمان پێ تەرکیز دەدات و بەم گێڕانەوە دەسکردە لەگەڵ گێڕانەوە و ڕۆمان ڕووبەڕوومان  دەکاتەوە، بە چەشنێک کە تا کۆتایی ڕۆمان ئەم ململانێیە هەر دوایی پێ نایەت و خوێنەر لەگەڵ دەق خەریکی گیر و گازە.

**چەند ساڵ دوای گرتنەوەی شار دەوڵەت ئەو ماڵەی داگیر کرد و کرا بە پازگا**[63](ل ١٧). گرتنەوەی شار ئاماژەیە بە داگیر کردنی شار لەلایەن کەس یان هێزێکی دیکەوە. کێ شاری داگیر کردبوو؟(کۆدی ڕاڤە). ڕۆمان تا ئێستا هیچ زانیارییەکی ئەوتۆی سەبارەت بە شوێن و کاتی ئەم ڕۆمانە دەرنەخستووە. دواتر بە داتاگەلێک کە دەیدرکێنێ دەزانین کە ڕۆمان ڕووداوەکانی سەردەمی پاش شۆڕشی گەلانی ئێران و ساڵانی شەڕی چەکدارانەی نێوان کورد و دەوڵەت دەگێڕێتەوە. وشەی داگیر کردن لایەنی نەرێنی دەوڵەت پیشان دەدا و پازگاش نوێنەر و هێمای داسەپاندنی ئەم داگیرکارییە و سەلماندنی دەسەڵاتەکەیەتی. داگیرکردن کردارێکە (کۆدی پرۆئایرێتیک).

**لەگەڵکوو ئەو ماڵە داگیر کرا ئیدی شەوانە کەس نەیدەبیست منداڵان لەو دەوروبەرە هەرا بکەن** (ل ١٧). ئەم ڕستە، پاش ئاماژە بۆ داگیرکاری دەوڵەت، دەستکەوتەکانی دەسەڵاتێکی چەکدار و نەگریس پیشان دەدا. (کۆدی پرۆئایرێتیک). داگیر کردن و داسەپاندنی دەسەڵات بە شێوەی قورخ کردن و دانیانی سنوور و لەمپەر بۆ ژیانی خەڵک و هەڵسوکەوتەکانیان پیشاندەری چاندێکی حوکمڕانیە کە دەیەوێ بە کەلک وەرگرتن لە سوپاش بووبێ زۆر لە جەماوەر بکا کە مل بە یاسا و ڕێساکانی بنێن(کۆدی چاندی).

---

63 . لێرە و لەم دەرفەتە کەمە ناکرێ وەکوو بارت ڕستە بە ڕستە بچینە پێشەوە. دیارە کە ئەگەر وابکەین هەر وەکوو بارت کە بۆ خوێندنەوەی سارازین، کە چیرۆکێکی کەمێک بلێندتر لە درێژە، کتێبی S/Zی بە تێر و تەسەلی نووسی کە چەند قات زۆرترە لە سارازین، ئەوەیە کە ئەگەر کارێکی وەهاش بۆ گابۆڕ بکرێت دەبێ چ کتێبێکی ئەستووری لێ دەر بێ! ئەوەیە کە زۆری پێوە ناچین.



www.kurdishbookhouse.com

**سەیدەسوورە زەلامێکی تەژەی فیتەری زەبەلاح بوو. هەرچی بگوتبایە هەر ئەوە بوو** (ل ١٨). سەیدەسوررە سەلاخێکە کە کوشتارگای قەراخ شاری هەیە. کوشتارگا هەم هێمایە و هەم بەشێکی هێمایین لە ڕۆمانەکە لەوێ یان لە ڕێگەی ئەوێدا ڕوودەدا و لە زاری کەریمەوە دەگێڕدرێتەوە. بایز باوکی کەریم پێش هاتنی پازگا قەسابی هەبوو و پاش هاتنیان چونکە ماڵیان لە بەرانبەر پازگایە و بە هۆی ئەوە کە بەرلەبەیان دەبوا مانگا و گوێلک ببەن بۆ کوشتارگا، لە ترس تەقەی هێزی پازگا کارەکەی دەگۆڕێ و ئەبێ بە مریشک فرۆش. بەشێکی سەیر لە ڕۆمانەکە هەر وەها کە ئاماژەی پێ کرا زۆرینەی لە زاری کەریمەوە دەگێڕدرێتەوە و ناوبەناوی چیرۆکی سەرەکی ڕۆمان دەردەکەوێ، کە دواتر ئاماژەی پێ دەکەین. ئەم ڕستە و ڕستەکانی پاش و پێشی، وەکوو پێشەکی و شرۆڤەن بۆ ئەو بەشە دووهەمەی ڕۆمانەکە. سەیدەسوورە یەک، سەلاخە و کاری کوشتنە و دوو ئەوە کە پیاوێکی بێ ڕوحم و خۆڕایە کە زۆر سانا دەکوژێ. سەلاخ، تەژە، فیتەر، کوشتارگا هەموو هێمان(کۆدی هێمایین).

www.kurdishbookhouse.com

## چیرۆکی دووهەم

چیرۆکێک کە هەر وەها باسی لێوە کرا، جارنەجار و لە نێو چیرۆکی یەکەم و سەرەکی ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێ زۆر شێوازێکی هیمایین و سەیری هەیە. بەسەرهاتی ئەم چیرۆکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە هێشتا شار نەگیراوەتەوە و دەوڵەت ماڵی ئاغای داگیر نەکردووە. چیرۆکەکە ڕیالیستییە بەڵام زۆریش توانی ئەوەی هەیە کە وەکوو هێمایەک لە گشت ڕۆمانەکە و هەر وەها وەکوو هێمایەک لە کۆمەڵگای کوردەواری بدرێتە قەڵەم.

توانی هێمایین بوونی ئەم چیرۆکە هەر لە شێوەی دەرکەوتنەکەی دەردەکەوێ کە ناوبەناوی چیرۆکی سەرەکی سەرهەڵدەدا. دەرکەوتنێک کە زۆر پێوەندی بە ئەو ساتەی گێڕانەوەی چیرۆکی سەرەکیەوە هەیە کە پێش دەرکەوتنی ئەم باسی لێوەدەکرێ. خاڵێکی دیکەی ئەم چیرۆکە کە دەکرێ وەکوو هێما ناوەزەدی بکەین، کاتەکەیەتی کە لە ڕابرووودوودا ڕووی داوە. ڕابردوویەک کە دەرەنجامەکانی ئێستاشی گرتووەتەوە. بێجگە لە دەرەنجامەکانی بۆ خۆشی هەر لە ئێستادا ئامادەیە. ئێستا پاش ڕابردوویە بەڵام لە هەمان کات  دەڵێی هەر ئەو ڕابردوویەیە. کاتێک کە لە نێوان ئێستا و لە پێوەند لەگەڵیا، بەشێک لە ڕابردوو سەرهەڵدێنێ، لایەنکی هێمایینی ئەم چیرۆکەمان بۆ دەردەخا (کۆدی هێمایین) کە دەکرێ دوو خوێندنەوەی بۆ بکرێت(کۆدی ڕاڤە). پرسیار ئەوەیە ئەو گوێلک و مانگایانە و سەیدەسوورە

و کوشتارگاکەی و هەر وەها کەریم و باوکی(لە چیرۆکی دووهەمدا) هێمای چین؟ دواتریش تا کۆتایی ڕۆمانەکە بۆمان دەرناکەوێ و ئەم پرسیارە، با ئەوە کە بە ڕوونی لایەنی هێماییی چیرۆکی دووهەم هەر لە ئارادایە، لەوەدا کە ڕۆمان بۆ خۆ باسی ناکا پرسیارێکی کراوە دەمێنێتەوە.

یەکەم لێدانەوە هەر وەها کە ئاماژەی پێ کرا لە ڕووی کاتەکەیەتی. کاتی ڕابردوو، ڕابردوویەک کە بە دراوەگەلی[64] سەرەتای ڕۆمانەکەوە بۆمان دەردەکەوێ کە کاتی ململانێی چەکدارانەی حێزبە کوردیەکان لەگەڵ حکوومەتە. کاتێک کە کاتی کوشتن و بە کوشت دانە، لە هەر دوولا. کاتێک کە گوێلک و مانگا ئەبران بۆ کوشتار و دواتر کە حیزب دەرکرا، و حکوومەت ئەو ناوچانەی گرتەوە، قەسابەکەی ڕۆمان، ئەبێ بە مریشک فرۆش.  لێدانەوەی دووهەم ئەگەڕێتەوە بۆ کەسایەتییەکانی ئەم بەشە. سەیدەسوورەی سەلاخ و کوشتارگاکە و کەریم و و باوکیشی هەر هێمان. تۆ دەڵێی کەریم و باوکی نوێنەری حیزبەکان و سەیدەسوورە و هاوەڵەکانی کە ئەوانیش کوردن، نوێنەری حکوومەتن. دوانەیەک کە لە ڕاستیدا لە کوشتنی گوێلک و مانگاکان دژ بە یەک نین و وەکوو یەکن و هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا نیە. ڕەنگە لایەنی ئەم لا تۆزێک زکی بەو کوشتنانە بێبەزییانە پێبسووتێتەوە.

**دیتنی سەربڕینی مانگا و گوێلک زۆر ناخۆشە، لەو ناخۆشتر دیتنی دیمەنی  ئەو مانگا و گوێلکانە بوو وا هێشتا نۆرەی سەربڕینیان نەهاتبوو، ئەو مانگا و گوێلکانەی وا بۆنی خوێنی هاونەوعەکانی خۆیان بەسەردا دەچوو. دوو شتیان زۆر سەیر بوو؛ دەنگیان و چاویان** (ل ١٩). ئەمە گێڕانەوەی کەریمە لە کوشتار و کرداری مانگا و جوانەگاکان لەو کارەساتەدا (کۆدی کرداری). ئەم وێنە دەسبەجێ بەرهەمی **گرۆنیکای** پیکاسۆ دەخاتەوە بیری بەردەنگی ئاشنا[65] و لایەنی هێمایین بوونی ئەم چیرۆکە دووهەمە زەقتر دەکاتەوە. ڕەخنە ناڕاستەوخۆ لە جەنگ و لایەنەکانی بەشێکی ئەم هێمایین بوونەیە و بەشێکی دیکە ڕەخنە لە لایەنەکانی ئەم شەڕەیە کە یەکێکی حیزبەکان و ئەوی دیکە کە زۆر بێ سیما و دڵڕەق نیشان دەدرێت و تەنانەت دەنگیشی نابیسێ، حکوومەتە (کۆدی هێمایین)

[64] . datas

[65] . دیزاینەری ڕووبەرگی کتێبەکەش واتا کاک ئیدریس بەهرامپوور بە جوانی بە هێنانەوەی بەشێک لەو بەرهەمە سەیرە، ئاماژەی بەم وێکچوونە کردووە.

## ئەنجام

باس لەسەر ڕۆمانێکی وەها بە خوێندنەوەی بارت، زۆر درێژخایەنە. ئەگەر بەو چەشنە کە بارت چیرۆکی **سارازینی** لە کتێبی ئیس/زێدا خوێندوتەوە، گابۆڕ بخوێنینەوە، بەرهەمەکەی کتێبێکی سێ قات ئەستوورتر لە ڕۆمانەکەیە. بە خوێندنەوەیەکی بارتیانە دەرکەوت کە ڕۆمانی گابۆڕ هەم لە بواری گێڕانەوە و هەم لە بواری ناوەڕۆکەوە ڕۆمانێکی سەرنج ڕاکێش و ڕێک و پێکە کە بە دڵنیاییەوە دەکرێ وەکوو دەقێکی نووسینەوەیی ناوی لێ ببەین. ئەوەیە لێرە کۆتایی بە باس لەسەر ڕۆمانەکە دێنین.

## سەرچاوەکان

آلن، گراهام. (١٣٨٩). بینامتنیت. ترجمه پیام یزدانجو. چاپ سوم، تهران: نشر مرکز

سەجادی، بەختیار. ئەحمەدزادە، هاشم و ئەوانیدی. (١٣٩٧). سێبەری زیندووی نووسین. چاپی یەکەم. سەقز: بڵاوگەکانی گوتار و خانی

شمس تبریزی(١٣٨٥). **مقالات شمس تبریزی**. تصحیح محمدعلی موحد. چاپ سوم. تهران:

هیدایەتی، سەیدقادر. (١٣٩٤). گابۆڕ. چاپی دووەم. سەقز. بڵاوگەی گوتار

- Barthes, Roland. (1974). **S/Z.** (trans) Richard Miller. Blackwell publishing.
- Barthes, Roland. (1975). **The Plesure of the Text**. (trans) Richard Miller. Hill and Wang. New York
- Barthes, Roland. (1977). **Roland Barthes by Roland Barthes**. (trans) Richard Howard. Hill and Wang. New York

www.kurdishbookhouse.com

این متن به صورت اختصاصی جهت انتشار در سایت خانه کتاب کُردی به نگارش درآمده است و هر نوع بازنشر آن با ذکر منبع «سایت خانه کتاب کردی مجاز می باشد.

Website: www.kurdishbookhouse.com

Telegram: https://t.me/kurdishbookhouse